# بۆ دیفاع لە مەریوان هەڵەبجی، پێویستە هەرەشچی‌و فتواچیەکان دادگایی بکرێن!

مەریوان هەڵەبجەیی نوسەرو خاوەنی کتێبی " سێکس‌و شەرع‌و ژن لە مێژووی ئیسلامدا" ماوەیەکە ڕووبەڕووی هێرشێکی هێستریکی ئاخوندو کۆنەپەرستان بۆتەوە، ماوەیەکە کەوتۆتە بەردەم هێرشی ئیسلامی سیاسی‌و هێزەکانیەوە لەکوردستان. دووهەیێنیە مەلای مزگەوتەکان کە زۆربەیان سەر بەحزب‌و لایەنەکانی ئیسلامی سیاسین لەکوردستان، دەستیان کردوە بە هەڵرشتنی فتواو هێرشێکی بێئابروانە دژ بە هەموو پێشکەوتنخوازی‌و شارستانی‌و مەدەنیەتێك‌و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای لە ناوبردن‌و فەنای فیزیکی "مەریوان هەڵەبجەیی" دەکەن. یان بە نێوی "مامۆستایانی زانایانی ئاینی" داوای دادگاییکردنی دەکەن بە ماددەی "372" لە یاسای عقوباتی بەعس، چونکە ڕای خۆی دەربڕیوە لەسەر دەقە قورئاینەکان، چونکە تەفسیری ئایەتەکانی کردوە، چونکە حەقیقەتی نێو ئایاتەکانی باسکردوە. ئەمە بە ئیشتهای ئیسلامی سیاسی‌و ئاخوندەکانی ناخوات،و بە تاوانی گەورەی لە قەلەم دەدەن، لە کاتیکدا خۆتەقاندنەوەو کوشتنی منداڵ‌و پیرسالان‌و ژنان بۆ ئەوان "حەلال"ەو ئەمری خودایە، لە کاتیکدا کوشتنی ژنان‌و بە کۆیلە ڕاگرتنی‌و سوکایەتی پێکردنیان‌و بە شودانیان لە تەمەنی 9 ساڵیدا بۆ ئەوان " شەهامەت‌و پیاوەتی"و ئەمری خودایە، لە کاتێکدا سەرکوت‌و قەدەغەکردنی تەواوی مفە مەدەنی‌و فەردییەکان‌و تەنانەت چونە سەیران‌و ئاوازو میوزیك بۆ خەڵکی هەلەبجەو هەورامان بۆ ماوەی 8ساڵ، بۆ ئەوان ڕەوایەو حوکمی ئیسلامە. لە حالێکدا کە ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ تاوانباری یەکەمی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە لە کۆمەڵکوژی‌و ئیعدام کردنی موخالیفی سیاسیی یەوە بگرە لە جمهوری ئیسلامی ئێران، تا دەگاتە دەست‌و قاچ بڕینەکانی سعودیەو تاکو تاوانەکانی بزوتنەوەو کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت ناوچەی هەورامان‌و هەلەبجەو کوشتنی دەیان ئینسان‌و هێرش کردنە سەر مافە فەردی‌و مەدەنیەکانی خەڵك...

ئەم پەلامارو هێرشانە بۆ سەر ئازادی ڕەئی‌و ئازادی نوسین‌و ڕەخنە، یەکێکە لە دەرئەنجام‌و دیارییەکانی داگیرگاری ئەمەریکا، کە لەسایەی ئەودا ئیسلامی سیاسی‌و بزوتنەو هیزە کۆنەپەرستەکان وەك قارچکی بەهار سەریان دەرهێناو بونە خاوەنی دەسەلات‌و یاسادانەرو جێبەجێکەری‌و دەستورێگیان سەپاندوە بەسەر خەڵکی عێراق‌و کوردستاندا کە سەرتاپای ئیسلامی‌و دژی هەر دریادەیەکی شارستانی‌و تەمەدونە. ئەم هەڕەشەو هێرشانەی کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە کوردستان لە کاتیکدا دەچێتە پێشەوە کە تەواوی ڕەوت‌و هیزەکانی ئیسلامی سیاسی ماخۆلانیان پێکەوتوە سەبارەت بە کاریکاتێریك کە لە رۆژنامەیەکی دانیمارکیدا بلاوبۆتەوەو یەکگرتوویی ئیسلامی لە تەلەفیزیۆنەکەیەوە، کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی تیکەڵ بەم مەسەلەیە کردوەو بەمەش دەیەوێت هەست‌و شعوری دینی دواکەوتوانە هەڵخرێنێت دژ بەم کتێبەو خاوەنەکەی‌و نیشانی بدات کە لە ئاستی جیهانیدا ڕەوتێکی کۆنەپەرستی وەکو خۆیان ئامادەن بۆ گێرانەوەی دنیا بەرەو چەرخی تاریکستان‌و تالبانیستان‌و جاهلیەت. ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەیەوێت ووشە لە زمان نەیەتەدەرەوە ئەگەر چەوسانەوەی ئینسان مسۆگەر نەکات، دەیانەوێت دەمەکان ببەستریت‌و زمانەکان گۆنەکەن ئەگەر سوکایەتی‌و کۆیلایەتی نەسەپێنیت بەسەر ئینساندا، دەیانەوێت قەلەمەکان مل کەچ بن ئەگەر بۆ کۆیلایەتی ژنان‌و سوکایەتی پێکردنیان نەنوسن‌و...

ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەم هەڕەشەو پەلامارانەی ئاخوندەکان‌و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بۆسەر ئازادی سیاسی بۆسەر ئازادی نوسین‌و ڕەئی، بۆ سەر نوسەر "مەریوان هەڵەبجەیی" بە توندی ئیدانە دەکات. مەریوان نەك تاوانبار نیە، بەڵکو مافێکی حاشاهەڵنەگرو سەرەتایی خۆی پیادەکردوەو پێویستە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکریت‌و دەستخۆشی لێبکرێت. تاوانباران ئەوانەن کە مینبەری مزگەوت‌و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان کردۆتە شوێنی فتوا لێدان‌و هەڕەشەکردن. لەهەمانکاتدا داوا لە تەواوی ئازادیخوازان‌و عەلمانی‌و چەپ‌و پێشکەوتنخوازانی دنیاو کوردستان دەکەین، بۆ دیفاع لە مەریوان هەڵەبجەیی‌و گشت قەلەمێکی ئازادو ئازا، لە بەرانبەر بەم ملهوڕییانەی ئیسلامی سیاسی بێنە مەیدان. سەرەرای ئەوەش ئیمە ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە بەرپرس دەزانین بەرانبەر بە هەر ڕوداوو تاوانێك کە دەرحەق بە مەریوان هەلەبجەیی‌و خێزان‌و کەس‌وکاری بکرێت لەلایەن هەر لایەن‌و هێزیکەوە بێت. وێرای ئەوانە، ئێمە بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ خەباتیکی هەمەلایەنەی جەماوەری‌و سیاسی لە پێناو بەیاسایکردنی ئازادییە سیاسی‌و فەردی‌و مەدەنیەکان‌و لەوانە ئازادی نوسین‌و ڕەخنەو ئازادی ڕادەربڕین، بۆ ئەوەی چی دیکە لەسەر نوسین و ڕەخنەو ڕا دەربڕین‌و خۆپیشاندان، گویَ بیستی هەڕەشە نەبین، ڕووبەڕوی فیشەك نەبینەوە، وە ئەگەر بوین ئەوە هەڕەشەکار تاوانبارە نەك نوسەرو خۆپیشاندەر .

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/1/31